# ڕۆڵی خێزان لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیدا
## توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

م.ی.شەهلا محمد عبدالکریم
(خوێندکاری دکتۆرا – بەشی کۆمەڵناسی –
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی)
shahla.abdulkarim@univsul.edu.iq

بەسەرپەرشتی: پ.ی.د. عبدالله خورشید
عبدالله
(کۆلێژی ئاداب – بەشی کۆمەڵناسی – زانکۆی
صلاح الدین)

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٣/٣ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٣/٢٧

**پوختەی توێژینەوەکە:**

پێگەیاندنی سیاسی بەشێکی گرنگە لە پێگەیاندنی گشتی تاك لە کۆمەڵگادا، ئەم پێگەیاندنەش مەبەست لێی ڕاهێنان و فێرکردنی تاکە، تا ببێتە هاوڵاتییەکی باش و سوودی هەبێت بۆ کۆمەڵگا، لە ڕێگەی پێگەیاندنی سیاسییەوە تاك هۆشیار دەکرێتەوە کە چۆن بەشداری بکات لە چالاکی و کار و باری سیاسیدا، هەر لە منداڵییەوە ئەم پرۆسەیە دەست پێدەکات تا تەمەنی پێگەیشتن، ئەم پرۆسەیەش لەلایەن کۆمەڵێك دامەزراوەی کۆمەڵگا ڕوودەدات کە گرنگترینیان خێزان و خوێندگا و پارتی سیاسی و ڕاگەیاندنەکان و هاوڕێ و هاوپیشەیە، خێزان بە یەکێك لە گرنگترین ئەو دامەزراوانە دادەنرێت کە ڕۆڵی هەیە لە دروستبوونی ئاراستە و بیر و باوەڕە سیاسییەکانی تاك، بەو پێیەی خێزان یەکەم ژینگەیە کە تاك فێری شتەکان دەبێت.

هەر لەم توێژینەوەیەشدا ئاماژە بە گرنگی ڕۆڵی خێزان دەکەین لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دا، وەك یەکێك لە دامەزراوە گرنگەکانی کۆمەڵگای کوردی، کە هەڵدەستێت بە چاندن و فێرکردنی گشت بیر و باوەڕ و ئاراستە و ئینتیمای سیاسی و خۆشەویستی بۆ نیشتمان.

**کلیلی وشەکان: خێزان، پێگەیاندنی سیاسی**

**پێشەکی:**

ڕۆڵی خێزان لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دا لەلایەن توێژەرانەوە هێندە گرنگی پێ نەدراوە وەك ئەوەی کە گرنگی بە خێزان دەدرێت، وەك ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵی سەرەکی بریتی بێت لە خستنەوەی منداڵ و فێرکردنی بەها ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، چونکە خێزان ناوکی کۆمەڵگایە و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە کە کەشێکی تەندروست بۆ ئەندامەکانی دروست بکات، تاوەکو بتوانن لەگەڵ کۆمەڵگا و بەهاکانی خۆیان بگونجێنن، پەروەردەی سیاسی ئامانجی پەرەپێدانە بە دروستبوون و فێرکردنی بیر و باوەڕ و بەها سیاسییەکانی تاك و هەڵسوکەوتی لەبەرامبەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکان، بۆیە لێرەوە ئەرکی خێزان لە فێرکردن و پەروەردەکردنی سیاسی تاکەکانیدا دەردەکەوێت، بەو پێیەی خێزان

sjh@univsul.edu.iq

و دایك و باوك یەكەم ڕووی دەسەڵات نیشان دەدەن لەلای منداڵەكانیان، هەر بۆیە منداڵ لە دایك و باوكیەوە خۆشەویستی دەبێت بۆ دەسەڵاتداران، بەمەش ئەركی دایك و باوكە لە خێزاندا كە منداڵەكانیان لە هەموو قۆناغە جیاوازەكانی تەمەنیاندا فێر بكەن كە چۆن لێكدانەوە و بیركردنەوەی تایبەت بە خۆیان هەبێت سەبارەت بە ڕووداوە سیاسییەكان، تا بتوانن بە شێوەیەك كارا بەشداری تێدا بكەن، هەر بۆیە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی یەكێكە لە ئەركە سەرەكییەكانی خێزان.

**یەكەم/ ڕەگەزەكانی توێژینەوەكە:**

**1- كێشەی توێژینەوەكە:**

لە ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەكی زانستی دا بەگشتی و توێژینەوەی كۆمەڵناسی بەتایبەتی، یەكەم قۆناغ بریتییە لە دركپێكردنی توێژەر بۆ هەر كێشەیەكی هەستپێكراو كە لە كۆمەڵگادا پێویستە بەدواداچوونی بۆ بكرێت و هەروەها هۆكار و كاریگەرییەكانی بخرێنە ڕوو، هەر بۆیە توێژەر لەبەردەم ئەركێكی زانستی و گرنگدایە لە ڕێگەی پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستی و ئەكادیمی و بگەڕێت بە دوای وەڵامی پرسیارەكانی ئەم كێشەیە، لە هەرێمی كوردستان تاك لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ەوە تا دەگات بەمڕۆ دووچاری كۆمەڵێك گۆڕانكاری سیاسی و كۆمەڵایەتی و تەكنەلۆژی هاتووە، لە ئەنجامی ئەم گۆڕانكارییانە خێزان نەیتوانیوە وەكو پێویست ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لە فێركردن و گەیاندنی ئەو بیر و ڕا و ئاڕاستە سیاسییانەی كە هەیانە بە ئەندامەكانیان، ئەمەش بەهۆی كاریگەری سۆشیال میدیا و كەناڵە حیزبی و بەرنامە و پرۆگرامە سیاسییەكان و دیاردەی بەجیهانیبوون كە هۆكارێك بوو بۆ لاوازی ڕۆڵی خێزان لە پێگەیاندنی سیاسی تاكەكانیاندا، هەر بەپێویستمان زانی لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە بەدوای وەڵامی چەندین پرسیاردا بگەڕێین بەمەبەستی دەرخستنی ئەو هۆكارانەی كە بوونەتە هۆی لاوازبوونی ڕۆڵی خێزان لە گەیاندن و فێركردن و چاندنی بەها و بیر و باوەڕە سیاسییەكان لە لای ئەندامەكانی، ئەو پرسیارانەش كە توێژەر هەوڵدەدات بەدوایدا بگەڕێت بریتین لە:

1- ئایا خێزان ڕۆڵی خۆی بەپێویست دەگێڕێت لە پەروەردەكردنی گەیاندنی بیر و باوەڕە سیاسییەكانیان بۆ نەوەكانی دوای خۆیان.
2- ئایا تاكی كورد بەهۆشیارییەوە لە پرۆسەی سیاسی دا بەشداری دەكات، یاخود لەژێر كاریگەری دامەزراوەی خێزانی و كاریگەری خێزاندایە.
3- ئایا لە سەردەمی بەجیهانیبوون ڕۆڵی كارای سۆشیال میدیا، خێزان دەتوانێت كاریگەری هەبێت لەسەر دیاریكردنی ئاڕاستەی سیاسی و ئەم پرۆسەیە وەك ئەركی سەرەكی خۆی جێبەجێ بكات.

**2- گرنگی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بە شێوەیەكی زانستییانە و بابەتییانە و پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستی و ئەكادیمی تیشك بخاتە سەر ڕۆڵی خێزان لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دا، تا چەند خێزان توانیویەتی ئەرك و كاریگەریی و ڕۆڵی خۆی بپارێزێت لە فێركردن و پێگەیاندن و پەروەردەكردنی سیاسی تاك.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەم بابەتەش تـوێژینەوەی کەمـی لەسـەر کـراوە لە ئاسـت هەرێمـی کوردسـتان، بـۆیە بە گرنگـی دەزانـین بە شـێوەیەکی زانستییانە ڕۆڵی گرنگی خێزان لەم پرۆسەیەدا بخەینە ڕوو.

**3- ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەری خێزانە لە پرۆسـەی پێگەیاندنی سیاسـی، کە وەك ئەرکێکی سەرەکی خێزان دادەنرێت، ئەم توێژینەوەیەشمان لە چەند ئامانجێکدا خۆی دەگرێتەوە:

- تـا چەند خێزان توانیویەتی ڕۆڵـی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی تـاك لە ڕێـگەی پرۆسـەی پێگەیانـدنی سیاسـی و کۆمەڵایەتییەوە.
- ئایا پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی وەك ئەرکێك لەلایەن خێزانەوە جێبەجێ دەکرێت.
- تا چەند خێزان توانیویەتی ڕۆڵی سەرەکی و گرنگ ببینێت لە بونیادنانی کەسایەتی تاکێکی کارا و نموونەیی، کە بتوانێت بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکان بکات.

**4- میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆد شیکردنەوەیەکی ڕێکخـراوە بـۆ بنەمـا و پرۆسـەی عەقڵـی و ئەزموونگەرییەکـان لە تـوێژینەوە زانسـتییەکاندا، لەپێنـاو بەدەستهێنانی ئەنجامی زانستیدا (العسکری، 2004: 1) لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (شیکاری)یمان بەکارهێنـاوە بەمەبەسـتی شیکارکردنی خێزان، بەو پێیەی خێزان یەکێکە لە دامەزراوە گرنگەکانی پرۆسـەی پێگەیانـدنی سیاسـی، کە هەڵدەستێت بە فێرکـردن و ڕاهێنـانی تـاك لە کۆمەڵگـادا بەو پێـیەی کە تـوێژینەوەکە تـوێژینەوەیەکی تیـۆرییە، بەکارهێنـانی ئەم میتـۆدە پێویستییەکی زانستی و ئەکادیمییە بۆ بابەتی توێژینەوەکە.

**دووەم/ پێناسەی چەمك و زاراوەکان**

- **چەمکی خێزان:**

چەمکـی خێـزان لە (Famulus) وە هـاتووە کە بە مانـای ئەو کەسـە دێـت کە خێـزان بەڕێـوە دەبـات هەروەهـا ووشـەی (Familia) بەمانـای کۆمەڵە کەسـانێک دێت کە کۆیلە بوون و لە ژێر دەسـەڵاتی یەک دابوون، لە سـەردەمی (جـایوس) ووشەی (familia) بەمانای ئەو میراتە دەهات کە بەشێوەیەکی وەسیەت نـامە دەگوازرایەوە لە کەسـێ بۆ کەسێکی تـر و پاشان ڕۆمانەکان ئەم دەستەواژەیان (familia) بۆ وەسفی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی نوێ بەکاردەهێنا کە دەسەڵات تیایدا لە دەست سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە بوو ئەویش باوکە هەروەها ژن و منداڵەکان کۆمەڵێـک لە کۆیلە (عیدە) کانیـان لە ژێـر دەسەڵاتی ئەودا بوون ئەم ڕێخراوە لە ئێستادا (خێزان) ی پێ دەگوترێت. (أنجلز، 2013: ٥١)
زانای بریطانی س هاریز (C.Harris) بـاس لەوە دەکـات کە چەمکـی خێزان وەک زۆربەی چەمکەکـانی تـر پێناسـەیەکی دیاری کراوی نیە کە زانایان بە گشتی لەسەری کۆک بن بەڵکو هەریەکەو بە پێی لێکۆڵینەوە و تێڕوانینـی خـۆی پێناسـەی ئەم چەمکەی کردوە. (عبدالرحمن، ١٩٩٩: ٢٥٢)

sjh@univsul.edu.iq

لە تێڕوانینی سۆسیۆلۆجیاوە چەمکی خێزان بە مانای پەیوەندی ژن و پیاو پێکەوە کە پەیوەندیەکی سێکسیان هەیە و بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵگا بناغەی بۆ دانراوە، پێکەوە کار لە یەکتری دەکەن و ماف و ئەرکیان چاودێری کردن و پەروەردە کردنی منداڵیان دەکەوێتە ئەستۆ. (الفار ١٩٧٨، ص ١٩٣)

اوکست کونت پێناسەی دەکات بەوەی یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتیە لە نێو جەستەی کۆمەڵگا دا کە خاڵی دەستپێکی دروست بوون و گەشەسەندن و دەتوانین بەراوردی بکەین بە تۆڕی زیندووی پێکهاتەی بایۆلۆجی ناوجەستەی مرۆڤ، هەروەها خێزان یەکەم ناوەندی سروشتی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە تاک لەناویدا دروست دەبێت و پێ دەگات و گشت داب و نەریت و رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیەکان وەردەگرێت

(الموسوي ٢٠١٧ ص ٩٨- ٩٩)

میشیل دنکن پێناسەی دەکات و دەڵێت خێزان زەرووڕەتێکی گرنگە بۆ مانەوەی مرۆڤایەتی و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەکە منداڵ پەیوەندی پێوە دەکات بەبێ ویستی خۆی. (دنکن، ١٩٨١: ٩٧)

بیرجس و لول (H.jlocke E.w. Burgess) لە کتێبی (خێزاندا) پێناسەیان کردووە بەوەی کە کۆمەڵێک کەسن کە هاوسەرگیری و خوێن پێکەوەیان دەبەستێتەوە و لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێن و پەیوەند و کارلێک لە نێوانیاندا هەیە هەریەکەو رۆڵێکی دیاری کراوی خۆی هەیە و دایک و باوک بەداهێنەری رۆشنبیری هاوبەش دادەنرێن (جوهري ١٩٩٨، ص١٢٠)

- خێزان کۆمەڵە کەسانێکن کە پەیوەندی خوێن پێکەوەیان دەبەستێتەوە لە شوێنێکدا نیشتەجێ دەبن کە گشت پێداویستییە کانی ژیانی تێدا بێت و سیستمێکی بچوکە لەناو سیستمی کۆمەڵایەتی گەورەدا.

(أبو مصلح ٢٠٠٦: ٣٢٢)

د. وضاح زیتون لە پەرتوکی (مجمع سیاسی) دا پێناسەی خێزان دەکات بەوەی (سیستمێکی کۆمەڵایەتیە ئەرکی ڕاهێنان و پەروەردە کردن و چاودێری کردنی تاکە هەر لە سەرەتای دروست بوونی تاوەکو گەورە دەبێت و پێ دەگات هەروەها وەک سیستمێکی رۆشنبیری ئەرکی فێرکردن و ڕاهێنان و گونجاندنی تاکی دەکەوێتە ئەستۆ تاوەکو تاک ڕابهێنێت و ئامادەی بکات بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگا بێتەوە و خۆی لەگەڵدا بگونجێنن. (زیتون ٢٠٠٦: ١٧)

کەواتە خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە لە ئەنجامی پەیوەندی نێوان دوو کەس دروست دەبێت بە پێی یاساو دەستوری ئەو کۆمەڵگایە و ئامانج لێی دروست کردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی گونجاوە بۆ پاراستن و مانەوەی مرۆڤایەتی و پێگەیاندنی تاک لە ڕێگای فێرکردن و چاودێری کردن و ڕاهێنانی لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی تاوەکو گشت ئەو ئاراستەو بیروڕاو داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگا فێربێت و بنەما بێت بۆ دروست بوونی کەسێتی لە تەمەنی پێگەیشتن دا هەروەها گواستنەوەی گشت ئەو داب و نەریت و ئاراستە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەیە لە نەوەیەک بۆ نەوەی دوای خۆی بە مەبەستی پاراستن و مانەوەی.

### چەمکی پێگەیاندنی سیاسی Political socialization

وشەی پێگەیاندن بە واتای ڕوودان، یان نوێبوونەوە، یان فێرکردنی تاك دێت، تاوەکو درك بە دەوروبەری خۆی بکات، پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەیە، هەر وەك (لینکتۆن) دەڵێت:

sjh@univsul.edu.iq

سیاسەتی هۆکارێکە بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی، کاتێك دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان هەڵدەستن بە چاندن و فێرکردنی تاکەکانیان بە کۆمەڵێك بەهای سیاسی و بیر و باوەڕی سیاسی جیاواز، زانایان لە پێناسەکردنیان بۆ چەمکی پێگەیاندنی سیاسی لە دوو ئاڕاستەوە پێناسەی دەکەن:

یەکەم: بریتییە لە ئەو پرۆسەیەی کە هەڵدەستێت بە فێرکردن و چاندنی بەها سیاسییەکان لەلای تاك لە کۆمەڵگادا بەمەبەستی مانەوە و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.

دووەم: ئەم پرۆسەیە کە تاك لە ڕێگای ئەو شوناسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە هەیەتی گوزارشت لە بیر و بۆچوون و ئاڕاستە جیاوازەکانی خۆی دەکات. (Almond, 1988: 7)

بەم شێوەیە ئەتوانین پێناسەی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی بکەین بەوەی کە بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوەی بیر و باوەڕ و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەلایەتییەکانی وەك: خێزان، خوێندنگە، شوێنە ئاینییەکان، ڕاگەیاندن، پارتە سیاسییەکان، هاوڕێ و هاوپیشە. (Watson, 1984, 9)

کمال المنوفی پێناسەی دەکات بەوەی کە بریتییە لە پرۆسەی فێربوون و وەرگرتنی بابەتە سیاسییەکانە، کە مرۆڤ بەدرێژایی قۆناغەکانی تەمەنی فێریان دەبێت، ئەویش لە ڕێگای دامەزراوەکانی کۆمەڵگاوە.

ئەم چەمکە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە لەلایەن زانایان، لە گرنگترین ئەو پێناسانەش پێناسەی (لینکتۆن Langton) کە دەڵێت: ئەم پرۆسەیە ئامرازێکە لە ڕێگایەوە کۆمەڵگا هەوڵدەدات بیر و باوەڕ و ئاڕاستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە نەوەیەکەوە بگوێزێتەوە بۆ نەوەیەکی تر، ئەویش لە ڕێگای کۆمەڵێك دامەزراوە، کە گرنگترینیان دامەزراوەی خێزانە. (غربی، 2018: 8)

کەواتە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دەتوانین بڵێین: گشت ئەو ئاڕاستە و بیر و باوەڕە سیاسییانەیە کە تاك فێریان دەبێت لە کۆمەڵگاوە، وە لە ڕێگایەوە دەتوانێت بەشداری بکات لە پرۆسە سیاسییەکانی وەك: پرۆسەی هەڵبژاردن، ڕادەربڕین، چالاکییە سیاسییەکان.

**سێیەم/ مێژووی دروستبوونی خێزان و خاسیەت و جۆرەکانی**

خێزان لە گشت سەدەیەکدا سەرچاوەی سەرەکی لە دایک بوون و بەردەوامی مرۆڤایەتیەتی و گەشەسەندن و مانەوەیەتی هەر بۆیە لە گشت ئاینە پیرۆزەکاندا زۆر بە گرنگ و بایەخ سەیردەکرێت و لەگشت یاسا و دەستورەکاندا وەک دامەزراوەیەکی گرنگ دادەنرێت کە دەبێتە هۆی دیاری کردنی ڕۆڵ و ئەرک و فەرمانەکانی ژن و مێرد و پێگەی دایک و باوک دیاری دەکات کە چەند گرنگن و کاریگەریان هەیە لە پرۆسەی پێگەیاندن و پاودێری کردنی ئەندامە کانیان (بحری، قطیشان، ٢٠١١: ١٦)

لە ئاینی ئیسلامدا هەمیشە جەخت لەسەر دروست کردنی خێزان و گرنگی خێزان کراوە و بەپێی یاسا دیاری کراوە خوای گەورە دەفەرموێت

**(ومِن أياتيه إن خلق لكم من أنفسكم أزواجاً لتسكنوا إليها و جعل بينكم مودة و رحمة إن في ذلك لأيات لقومٍ يتفكرون) سورة الروم أية (21)**

لویس مورجان دەڵێ خێزان دامەزراوەیەکی جێگیر نیە بەڵکو هەمیشە لە گەشە سەندندایە لە شێوەیەک بۆیەکێکی تر لە شێوازێکی سادە بۆ ئاڵۆز وەک کۆمەڵگا چۆن دەگۆڕێ لە سەرەتایی بۆ شارستانی (أنجلز، 2013 : ٢١) بابەتی خێزان

sjh@univsul.edu.iq

جێگای بایەخی زۆری زانیان و فەیلەسوف و کۆمەڵناسان و دەروونناسان و ئەنثرولۆجیەکان بوو کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر قۆناغەکانی دروست بوون و گەشەسەندنی خێزان و شێوازەکانی کردووە هەر لە قۆناغی هاوسەرگیری بە کۆمەڵ تا دەگات بە قۆناغی خێزانی تاک ڕەوی یاخود (خێزانی سادە لە ژن و پیاو پێک دێت) هەروەها قۆناغی بنەچە (انتساب) بۆ دایک تا گەیشتن بە قۆناغی (بنەچە (انتساب) بۆ باوک و باخۆفن (Bachofen) بە یەکەم زانا دادەنرێت کە باسی لەم بابەتە کردبێ و باس لەوە دەکات کە لە سەرەتادا منداڵ بەرەچەڵەك دەگەڕایەوە بۆ دایک لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا. (بوتومور، ۱۹۷۸: ۲۲۲)

خێزان لە کۆندا گشت ئەندامانی عەشیرەتی دەگرتەوە (leclan) و هیچ جیاوازیەکیش لە نێوان خێزان و عەشسرەت نەبوو بەڵکو هەموویان بە پەیوەندی خزمایەتی پێکەوە دەبەسترانەوە نەوەک پەیوەندی خوێن کە لە ئێستادا باوە بەڵکو لە ڕێگای ئەندام بوونیان بوو لەو عەشیرەتە یاخود ئەو کۆمەڵەو گروپە (التوتم) تۆتەمەکان کە ئەویش بریتی بوو لە ئاژەڵی یاخود ڕووەکێ کە عەشیرەتەکان وەک هێمایەک دایان دەنا بۆ خۆیان (وافي، 1948: 7).

لە شارستانیەتەکانی ڕۆمان و یۆنانە کۆنەکان گشت خزمایەتیەکان لەلایەن پیاو ڕێک دەخران و کۆیلەو خزمەتکار گشتیان وەک ئەندامی خێزان هەژمار دەکران و لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکی خێزان بوون و بە ئەندام بوون لە ڕێگای پەیوەندی کردن و لایەنگری بوو بۆ ئەو خێزانە نەوەک لە ڕێگای پەیوەندی خوێنەو، هەروەها لە وڵاتە عەرەبیەکان لە سەردەمی جاهلیەت دا لەلایەن پیاوان بەڕێوە دەبران و سەرپەرشتی دەکران و بەهەمان شێوە لە ڕێگای پەیوەندی کردن و ئەندام بونیان بۆ ئەو خێزانە یاخود عەشیرەتەوە دەبوونەک پەیوەندی خوێنی و پەیوەندیەکی توونتوتۆلیان پێکەوە هەبوو یەک ئامانج و چارەنوسیان هەبوو هەروەها بیروڕای کۆمەڵایەتی و یەک داب و نەریت و پەیوەست بوون بەو داب و نەریتەوە کە بۆیان دیاری کراوە هەروەها لەم عەشیرەتەدا کاتێ تاک تاوانێکی بکردایە عەشیرەتەکە خۆی تۆڵەی ئەو تاکەیان دەکردەوە یاخود ئەگەر تاوانێکی بکردایە وەک دامەزراوەیەکی یاسایی کێشەکەیان دەکردە هی خۆیان و چارەسەریان دەکرد (وافي، 1948: 9) دوای ئەوەی ئیسلام هات سیستەمی خێزان گۆڕا سنوری بۆ دیاری کرا ئەو کاتەی خێزان لەسەر بنەمای پەیوەندی کردن و ئەندام بوونەوە بوو و کوڕ نەیدەتوانی پەیوەندی بکات بە باوکیەوە تا باوکی ڕەزامەندی لەسەر نەدایە، بەڵام ئیسلام ئەمانەی ڕێکخست و لە ئایەتی (٤) لە سورەتی (الاحزاب) دەفەرموێت (أدعوهم لأبائهم هو أقسط عند الله) و بەمە کوڕ یاخود منداڵ لە ئەنجامی پەوەندی جووت بون لە نێوان ژن و مێرد و لە ڕێگای پەیمانێک و بەپێی پەیوەندی خوێن و نزیکایەتی دەبوە ئەندام لە خێزان و بەم شێوەیە خێزان ڕێکخراو

سەرۆکایەتی خێزان درایە پاڵ باوک و منداڵ لەسەر باوک ناودەنرا و باوک لێپرسراوی یەکەمی خێزان بوو (الوافي، 1948: 10- 11) کونفوشیوس یەکەم فەیلەسوف بوو کە گرنگی زۆری بە بابەتە داوەو پێی وایە دەمەزراوەی خێزان یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا و پێی وابووە کە لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر ئاکار و هەڵس وکەوتەکان و داب و نەریت تێک بچێ و کۆمەڵگا لە ڕووی کۆمەڵایەتی ناجێگیر بێت ئەوت تاقە دامەزراوەکە دەتوانێ کۆمەڵگا ڕێک بخات و بەرەوپێشی بەرێ خێزانە چونکە تاک لە خێزانەوە فێری هەڵس و کەوتی جوان و نەریت و ڕەفتاری شیاو دەبێت و نەوە دوای نەوە لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دەگوازرێتەوە بۆ تاکەکانی و خێزان تاک فێردەکات کە چۆن پەیوەست بن لە ئاکار و ڕەفتاری جوان کە ئەمەش بەڕای کونفوشیوس بنەمای پێش کەوتن و مانەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە. (الصبغ، ۲۰۰۳: ٦٣)

sjh@univsul.edu.iq

لە سەدەی ١٩ هەمدا کاتێ زانستی کۆمەڵناسی خێزان کە بەشێک بوو لە کۆمەڵناسی گشتی جیا بۆیەوە پسپۆر بوو لە دراسەت کردن و لێکۆڵینەوەی بابەتی خێزان هەروەها زانایانی أنثردبولوجی چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر خێزان ئەنجامدا و دیارترینیان توێژینەوەکانی (لویس مورجان) کە لەسەر بابەتی خێزان و هاوسەرگیری و جۆرەکانی ئەنجامدابوو هەر لە کۆمەڵگای سەرەتایەکانەوە تا دەگات بە کۆمەڵگا نوێ کان هەروەها (هنری مین) دوای ئەوەی چەندین توێژینەوەی ئەنجامدا جەختی دەکردەوە لەسەر بابەتی دەسەلاتی باوک لە خێزاندا هەر لە مێژووی دروست بوونیەوە کە پێچەوانەی بیروراکانی (باخوفن) بوو کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیدا جەختی دەکردەوە لەسەر دەسەلاتی دایک لەسەرەتادا و پاشان گۆڕا بۆ دەسەلاتی باوک لەسەدەی (٢٠) مدا زۆربەی لێکۆڵینەوەکان هەوڵێک بوون بۆ دیاری کردنی گرنگترین ئەو کێشانەی کە دووچاری خێزان دەبێت و گۆڕانی وەزیفە و قەبارەی خێزان و کاریگەری لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و هەروەها کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی لە زیاد بوونی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و دروست بونی کێشە لە لادێ و شارەکان و کاریگەریان لەسەر تاک و هەروەها زیاد بوونی دیاریدەی جیابونەوە لە نێوان ژن و مێرد و بڵاوبونەوەی هەژاری و کرێ نیشینی و سەرقاڵ بوونی دایک و باوک بە پارەپەیدا کردنەوە بۆ بەدەست هێنانی پێداویستی یە سەرەتاییەکانی خێزان و بەمەش پرۆسەی پێگەیاندن و پەروەردەکردن پشت گوێ خران، هەروەها چەندین توێژینەوە ئەنجامدان لەسەر ژمارە و ڕێژەی لە دایک بوون و مردن و ئازادیەکانی تاک و دیاردەی جیابونەوە (طلاق) و کاریگەری و کێشەکانی و کۆچ کردنی لە لادێ بۆ شار و لە شار بۆشار و بۆ وڵاتانی تر ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامی دا سەر هەڵدەدەن، ئەمانە هەموو بونە هۆی سەرهەڵدانی چەندین تیۆرەی کۆمەلایەتی و دەروونناسی کە لە کێشە دەرونی و کۆمەلایەتی و سێکسی یەکانی خێزانی دەکۆڵیەوە و لە سالانی (٥٠) کانی سەدەی بیستەم دەتوانین بڵێین ئەم لێکۆڵینەوانە زیاتر گەشەیان سەند. (عبدالرحمن، ١٩٩٩: ٢٥١).

**خاسیەتەکانی خێزان**

- خێزان بریتییە لە یەکەم یەکەی دروستبوونی کۆمەڵگا و یەکێکە لە دیاردە باو و بڵاوەکانی کۆمەڵگا و بە بنەمای سەقامگیری و سەربەخۆیی ژیان دادەنرێت.
- خێزان پردێکی کۆمەلایەتیە کە لە ڕێگایەوە گشت غەریزەکانی مرۆڤ و پاڵنەری سروشتی و کۆمەلایەتییەکانی وەک خۆشەویستی ژیان و مانەوەی جۆر و بەدیهێنانی غەزیزە و هەڵچوونە کۆمەلایەتییەکانە.
- خێزان بەپێی کۆمەڵێک (طقوس) و بۆنە و یاسای کۆمەلایەتی پێک دێت کە ئاین و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا ڕێگەی پێداروە.
- خێزان کارێکی هاوبەشە، واتە بەتەنها کەسێک ناکرێت، بەڵکو بە یەک دوو کەس، یاخود سیان دەبێت و کۆمەڵێک سیستەمی جیاواز لەخۆی دەگرێت ئەوانیش سیستەمی ئابووری و سیاسی و ئاینی و تەندروستی و کۆمەلایەتییە.
- بوونی شوێنێکی تایبەت بە نیشتەجێبوون، وەک: خانوو، یاخود خێمە، یان هەرشوێنێکی نیشتەجێبوون کە ئەمەش بنەمای دروستبوونی خێزانە و دەبێت هەبێت و ئەندامانی خێزان تیایدا نیشتەجێ بن و ژیان بکەن و بەشداری یەکتری بکەن و ژیانی خۆیان بگوزەرێنن و پێداویستیەکانیان تێر بکەن و جێبەجێ بکەن (العزبي ، 2013: ٣١)
- ئەرکەکانی خێزان:-

sjh@univsul.edu.iq

خێزان وەک هەر دامەزراوەیەکی تر کۆمەڵێک وەزیفە و چالاکی هەیە کە پێی هەڵدەستێ ئەم ئەرکانە لە گشت خێزانێکدا و لە گشت کۆمەڵگاکانی جیهاندا هەمان شتن:

**١.وەزیفی (بایۆلۆجی)**

خێزان بە باشترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە لە ڕێگایەوە منداڵ بەرهەم دەهێنرێت واتە لە ڕێگای پەیوەندی بایۆلۆجیەوە منداڵ دروست دەبێت پاشان پەروەردە دەکرێت و چاودێری دەکرێن و ڕاهێنانی بۆ دەکرێت لە گشت قۆناغەکانی ژیانیاندا واتە هەر لە قۆناغی منداڵییەوە کە قۆناغی بێتواناییە و پشت بە دەوروبەری دەبەستێت تا بە قۆناغی هەرزەکاری و گەورەبوون و پێگەیشتن دەگات.

٢. **ئەرکی کۆمەڵایەتی:-** خێزان ئەرکی سەرەکی گەشەسەندنی منداڵە بەجۆرێک کە گەشەیەکی کۆمەڵایەتی باش و ڕێک و پێک بکات ئەمەش لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت، منداڵ لە ڕێگای پەیوەندی بە خێزانەوە کەسێتی دروست دەبێت و گەشە دەکات و خێزان کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دروستبوونی کەسێتی منداڵ، هەروەها لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە یەکەم وانە فێر دەبێت سەبارەت بە ڕاستی و دروستی و باشکردنی ئاکار و هەڵسوکەوت و چۆنیەتی ڕەفتارکردنیان و کەی نان بخوات و کەی بخەوێت و کەی خۆی بگۆڕێت، هەروەها هەر لەناو خێزاندا فێری گشت بنەما ئاینییەکان دەبێت و ئاراستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیشی هەر لە خێزانەوە فێر دەبێت بۆیە دەبینین هەر منداڵێ ئاراستەیەکی جیاوازی هەیە و ئەگۆڕێ لە منداڵێ بۆ ئەوی تر ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هەریەکە و لە ژینگە و خێزانێکی جیاوازەوە پێ گەیشتووە و گەورە بوون بۆیە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی خێزان.

**٣. ئەرکی ڕۆشنبیری:**

خێزان بە پردێک دادەنرێت لە نێوان تاک و کۆمەڵگادا، کاتێژن و پیاوێک پرۆسەی هاوسەرگیریان پێکهێناوە هەریەکەیان بونیادێکی ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆی هەیە و لە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە هاتوون و هەریەکە یان ئاستێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابوری جیاوازی هەیە کەلەیەکتر جیاوازن. خێزان ئەو ژینگەیەیە کە لە ڕێگایەوە کۆمەڵێک بیروبۆچون و ئاراستە فێری تاکەکان دەکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی کۆنترۆڵ کردنی ئاکار و ژیانی تاکەکانی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان دیاری دەکات لەناو خێزاندا (حمداوي، 2021: 58)

**٤. ئەرکی ئابوری:.** خێزان لەسەرتاکاندا یەکەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەش بوو تەواوکەربوو لە نێوان سەرۆکی خێزان و ئەندامەکانی و هەروەها موڵکداری گشتی بوو واتە بۆ هەموو ئەندامان بوو هەموویان خۆیان بە خاوەنی ماڵ و موڵک دەزانی (بحري، 2000: 19)

لە دوای شۆڕشی پیشەسازی خێزان بچوکتربۆیەوە و ژن بۆکارکردن چوە دەرەوە جگە لە ئەرکی ماڵکاریشی دەکرد لە دەرەوەی ماڵ و ژیان قورستر بوو ئەمەش وای کرد موڵکداری گشتی نەمێنێ و بگۆڕدرێت بۆ موڵکداریەتی تایبەت و خودی و تاک خۆی کاری دەکرد بۆ بەدەست هێنانی قوت و پێداویستی ڕۆژانەو پڕکردنەوەی پێداویستی سەرەکی وەک خۆراک و جل و بەرگ و شوێنی نیشتەجێ بوون هەر بۆیە وەزیفەی ئابوریش یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی خێزان و دروست کردنی ئاشتەوایی و سەقامگیری ناو خێزان بە تایبەت دوای ئەوەی خێزان بەرەو سەربەخۆیی و تاک ڕەوی لە

بەڕێوە بردندا لە کارەکانی ڕۆشت و هەوڵیاندا پێداویستی ئابوری خۆیان پڕبکەنەوە و خۆیان پێداویستی یەکانیان دیاری دەکرد و هەرخۆشیان بەپێی ئەو بڕە پارەیەی کە دەستیان دەکەوێت پڕیان دەکردەوە (حمداوی، ۲۰۲۱: ۵۸)

ئەرکی دەروونی:

خوای گەورە دەفەرموێت (وَمِن أياتـهِ إن خلق لكم من أنفسكم أزواجاً لتسكنوها و جعل بينكم مودةً و رحمـة إن فـي ذلك للأيات لقوم يتفكرون) صدق الله العظيم

سورة الروم أية (21).

لەم ئایەتەدا ئاماژە بەوەکراوە کە ژن لە ڕۆحی پیاودا دروست بووەو حواء لە پەراسوی ئادەم دروست بووە کاتێ کە پێک گەیشتن لە پرۆسەی هاوسەرگیری دا پێکەوە ژیان بە مانای پەیوەندی هاوسەرگیری دا پێکەوە ژیان بە مانای پەیوەندی هاوسەرگیری و دروست کردنی خێزان لە نێوان ژن و پیاودا لەسەر بنەمای پێکەوە ژیان و دڵنیا بوون لە یەکترو هەست کردن بە سەقامگیری دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان ژن و مێرد لەسەر بنەمای بەزەیی و چاودێری کردنی یەکتری بێت بۆ کەمکردنەوەی خەمەکانی یەکتری و سەلامەتی دەرونی دایک و باوک خۆی لە خۆیدا و تەندروستی پەیوەندی نێوانیان هۆکاری سەرەکیە بۆ سەلامەتی و دروست بوونی دەرونێکی تەندروست لەلای منداڵ بۆیە ئەرکی سەرەکی خێزان بریتیە لە دروست کردنی کەشێکی تەندروست و مامەڵەیەکی ڕاست و ڕێک و پێک تا بتوانن مرۆڤێکی تەندروست لەلایەنی دەرونی و جەستەیی بەرهەم بهێنن. (بحری، ۲۰۰۰: ۲۰)

- ئەرکی فێرکردن:-

ئەرکی فێرکردن/ خێزان ئەو دامەزراوەیەکە هەڵدەستێت بە ئەنجام دانی ئەرکی پەروەردە و فێرکردنی منداڵەکانی هەر بۆیە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی گەشەسەندنی عەقڵی و جەستەیی و فێرکردنەکە خێزان خۆی سەرپەرشتی پرۆسەی فێرکردن و پەروەردە کردنی منداڵ دەکات بە شێوەیەکی بەردەوام هەتاوەکو منداڵەکان فێری گشت بنەماکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا بکات وەک زمان و شاکار و هەڵس و کەوت و چۆنیەتی ڕاهێنان لەگەڵ بەها کۆمەڵایەتیەکان کە هەن لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین. (د. سهیر – معوض، ۲۰۱۳: ۳۱)

-ئەرکی پاراستن/ بەمانای چاودێری کردن و پاراستن و ڕاهێنان و چارەسەرکردنی ئەو منداڵانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن هەروەک ئەرکی پاراستن و چارەسەر کردنی ئەو ئەندامانەی کە بەساڵا چوون و پەکیان کەوتووە چونکە ئەوان لە ژێر چەتری خێزاندا پارێزراون و ئەرکی خێزانەییان پارێزێ. (۵۸ میادین علم الانجام خێزان لێپرسراوە لە گشت ئەندامانی خێزانەکەی و بەرپرسە لە پاراستن لە لایەنی جەستەی و ئابوری دەرونیەوە. (معوض، ۲۰۱۳: ۳۱)

ئەرکی ئاراستەکردن/ ئەرکی خێزانە تاکەکانی ئاراستە بکات بەوەی کە چی ڕاستەو چی دەبێ بکرێت کە گونجاوە لەگەڵ ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵگا و جێ ناگونجێت (۳۱ عبد انجام اسری د. سعید)

**جۆرەکانی خێزان**

بێگومان چەندین جۆری جیاواز خێزان بوونیان هەیە کە ئەم جیاوازیانەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی کۆمەڵگاو بارودۆخ و کاریگەری کۆمەڵایەتی ئابوری و سیاسی لێرەدا گرنگترین جۆرەکانی خێزان باس دەکەین بە گشتی جۆرەکانی خێزان دەکەین بە دوو بەشەوە:.

sjh@univsul.edu.iq

**بەشی یەکەم/ خێزانی بچوک- سادە – ناوەکی:-**

ئەم چەمکانە لەلایەن زۆر لە زاناکان بەکار هاتووە و هەرەیەکە و بە شێوەیەکی جیاواز و چەمکێکی جیاوازی بەکارهێناوە کە لە مانادا هەموویان یەک مانایان هەیە، ئەم جۆرە خێزانە لە دایک و باوک و منداڵەکانیان پێک هاتووە وەک ئەوەی کە بەگشتی لە کۆمەڵگا شارستانیەکاندا هەن، ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا پێش کەوتووەکان دەرکەوتن بە شێوەیەکی گشتی و بە خێرایی بڵاو بوونەوە لە کۆمەڵگاکانی تر لە ئەنجامی ئەو پێش کەوتن و گۆڕانکاریەی کە لە کۆمەڵگادا ڕوویاندا. ئەم خێزانە لە کەسانێک پێک دێت کە پەیوەندی هاوسەرگیری و خزمایەتی و خوێن بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، پەیوەندیەکەش لە نێوان ژنێک و پیاوێکدایە کە یەکە یەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن کە بنەمای دروست بوونی کۆمەڵگایە منداڵ خستنەوە مەرجی سەرەکی نیە لە نێوانیان هەروەها کەمی ژمارەی خێزانەکەش پێوەر نیە بۆ هەڵسەنگاندنی هەروەک لەم خشتەیەدا ڕوون بۆتەوە:- (حمه صالح، ٢٠١٢: ٩٦)

بەشی دووەم خێزانی گەورە – ئاڵۆز- تێکەڵاو:.

ئەم جۆرە لە چەندین خێزان پێک دێت بە واتایەکی تر خێزانی ناوەکی (النواة) بە بنەمای ئەم جۆرە خێزانە گەورە و ئاڵۆزانە دادەنرێت کە لە ڕاستیدا دووبارە بوونەوەی (خێزانی سادەیە)، خێزانی ئاڵۆز لە کۆمەڵێک خێزان پێک دێت کە لەناو خۆیاندا یەکگرتوون و پەیوەندیەکی توند و تۆڵیان هەیە و یەک شوێنی نیشتەجێ بوونیان هەیە و هاوکاری و پشتیوانی دەکەن هەموویان پێکەوە، پەیوەندی خوێن و و (نسب) گرنگترین پەیوەندیەکە ببێتە هۆی یەکگرتنی ئەندامانی خێزانەکە. پەیوەندی ژن و ژنخوازی پەیوەندیەکی ناوەندیەکە وەک پەیوەندی خوێن بایەخی پێنادرێت. لەم جۆرە خێزانە دا پەیوەندی ئابوری هەیە کە دەسەڵاتی موڵکایەتی و گشت وەزیفەو کارە ئابوریەکان ڕێک دەخات لە خێزاندا و سەرۆکەکەیان ئەو کەسەیە کە چاودێری گشت کارەکان دەکات و ڕۆڵ و کاری تاکەکان دابەش دەکات و دیاریان دەکات کە هەرکەسە و بە کارێکی دیاری کراو هەستێ لەم جۆرە خێزانە کە سستەمی موڵکداری گشتی زاڵە و شتێ نیە بە ناوی موڵکداری بۆ تاکە کەس و هەموو تاکێ خۆی بە خاوەنی ئەو ماڵ و موڵکە دەزانێ ئەم جۆرە خێزانە لە نیمچە سەربەخۆن و خۆیان گشت پێداویستی یەکانی خۆیان بەرهەم دەهێنن و سەرپەرشتی دابەش کردن و بەکار بردن و بەرهەمهێنان دەکات لەناو خودی خۆیدا. . (حمه صالح، ٢٠١٢: ٩٧- ٩٨) چەند جۆرێکی جیاواز لەم خێزانە هەن وە دەیانخەینە ڕوو

1 ) خێزانی ئاڵۆز:- ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا سادەو سەرەتایی یەکاندا هەیە کە لە ئەنجامی فرە ژنی دروست دەبێ هەروەها لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامیەکاندا بوونیان هەیە کە لە پیاو و ژنەکانی و منداڵەکانیان پێک دێت ئەم خێزانە لە ئەنجامی چەند خێزانێکی سادە دروست دەبێت کە پەیوەندیەکی توند کۆیان دەکاتەوە کە ئەویش باوکە کە یاخود پیاوەکەیە لەم خێزانەدا دوو جۆر لە پەیوەندی خوشک و برایەتی هەیە خوشک و برا لەیەک دایک و باوک یاخود لە دایک یاخود لە باوک کە باوکیان هاوبەشە بەڵام دایکیان جیاوازە. ئەم جۆرە هەندێ جار لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەردەکەون بەڵام بە شێوەیەکی تەواو نەکراو بۆ نموونە ژن هێنان یاخود شووکردنی بێوەژن و بێ پیاو بۆ جاری دووەم و کە منداڵیان هەیە لە هاوسەرگیری یەکەم و لەم هاوسەرگیریەی دووەمدا منداڵیان دەبێت. (حمه صالح، ٢٠١٢: ٩٨)

هەروەها خێزان بەڕای (د. عزت) توێژەرو مامۆستای زانکۆ ئەم جۆرە خێزانانە تەنها لە پیاو و منداڵەکانی و ژنەکانی پێک نەهاتووە بەڵکو لە ژن و منداڵەکانی کە لە چەند پیاوێکی ترن.

ب- خێزانی فراوان (ممتدة)

sjh@univsul.edu.iq

ئەم جۆرە لە خێزان لە ژن و پیاوێک پێک دێت لەگەڵ منداڵەکانی کە ئەوانیش خێزانیان پێک هێناوە و لەگەڵ منداڵەکانیان هەموو پێکەوە لە شوێنێک نیشتەجێ و پێکەوە کار دەکەن و یەکێتی یەکی ئابوریان پێکهێناوە، ئەم خێزانە کاتێ دروست دەبێت کە کورە گەورەی ئەم ماڵە گەورە دەبێت و خێزان دروست دەکات و منداڵی دەبێت، لە خێزانی باوک (یاخود باوک سالاری) کوری گەورە خێزان و منداڵەکانی دەهێنێتە ماڵی باوکی و لەوێ دەژین ئالۆزیەکە لە ئەنجامی فراوان بون و گەورە بوونی خێزانەکە دەردەکەوێت و کەسێک لە یەک خێزاندا هەم کوری خێزانەکەیە لە هەمان کاتدا سەرۆکی خێزانی خۆیەتی ئەم جۆرە لە کۆمەڵگا لادێ نشین و عەشایەرو ئەو خێزانانەی کە خەریکی پیشەی کشتوکاڵین زیاتر بونیان هەیە، کەشێکی تاک رەوی و دکتاتۆری لەم خێزانەدا هەیە باوک پێگەیەکی گەورەی هەیە لەم خێزانەدا و بریاری کۆتایی لای خۆیەتی سەبارەت بە ماڵ و منداڵ و گشت بوارەکانی تر. تاکەکانی هەموو یەک پەیوەندی خوێن و خزمایەتی کۆیان دەکاتەوە و هەموو پێکەوە کار دەکەن بە تەمەنترین یان سەرۆکایەتی خێزانەکە دەکات، لە کۆمەڵگای کوردیدا و لە کۆندا ئەم جۆرە. (حمە صالح، ٢٠١٢: ٩٩)

خێزانە زۆر باو بوو چونکە جاران خێزانی کورد زۆرینەیان خەریکی پیشەی کشتوکاڵی بوون بەڵام لە ئێستا دار لە ئەنجامی گۆرانی کۆمەڵایەتی ئەم جۆرە خێزانانە بەرەو کەم بوونەوە دەچن و زۆر وەکوجاران نەماون.

(حمە صالح، ٢٠١٢: ١٠٠)

لەم خێزانەدا تا سێ نەوە بەردەوام دەبێت کە هەموو پێکەوە و لەیەک شوێن و جێگا دا نیشتە جێ دەبن.

- خێزانی یەکگرتوو:- ئەم جۆرە زیاتر لە ئەنجامی ئەوەی کە دوو برا یان زیاتر پێکەوە دەژین لەگەڵ هاوسەرو منالەکانیان لە یەک شوێنی نیشتەجێ بوون و پێکەوە هاوکاری یەک دەکەن و بنەمای یەکتربەستنەوەی ئەم خێزانە و لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیە پتەویەکە لە نێوان براکاندا هەیە و ناودەبرێت بە (مەردۆک) کە بەم جۆرە خێزانە دەگوترێ ئەویش خێزانێکی برایەتی هاوبەشە

( Fraternal Joint Family) ئەم جۆرە هەر لە خێزانی (ممتده)وە جیا دەبنەوە دوای ئەوەی باپیرو داپیرە کۆچی دوایی دەکەن ئەم برایانە لە شوێنی میراتی خۆیان و ماڵ و موڵکی باو باپیرانیان دەمێننەوەو پێکەوە کار دەکەن و جیا نابنەوە و لە هەندێ سەرچاوە بەم جۆرە خێزانانە دەگوترێ خێزانی یەکگرتوو (حمە صالح، ٢٠١٢: ١٠١) هەروەها هەندێ جار ئەم خێزانانە لەیەک شوێنی نیشتەجێ بوون ناژین بەڵکو لە چەندین خانووی جیا کە دیواریان بە دیواری یەکەوە و لە یەک گەرەک و ناوچە دەبن و لە گشت بۆنەو کاروبارو چالاکی یەکان بەیەکەوەن و پەیوەندی خۆشەویستی و سۆز بەیەکیان دەبەستێ هەریەکەیان بەسەربەخۆ دەژین و بۆ بریارەکان دەگەرێنەوە بۆ برا گەورە کە جێگرەوەی باوکە دوای کۆچ کردنی.

خێزانی یەکگرتوو – یەکێتی و- پەیوەندیدار.

**چوارەم/ خێزان و پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی**

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی یەکێکە لەو پرۆسە گرنگانەی کە پەیوەندی بە تاك و درووست بوونی كەسێتی تاکەوە هەیە وەکو تاکێکی کۆمەڵایەتی بەرهەم بهێنێت و بتوانێ كارلێك بكات لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری دا هەر بۆیە کەسێتی تاك بەرهەمی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە

(personality socialization process ) (الدهان، 2014، 43)

زانایان گرنگیەکی زۆریان داوە بە بوونی پەیوەندی لە نێوان سیستمی سیاسی و دامەزراوەی خێزاندا و پێیان وایە کە خێزان ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ئاراستەکردنی و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان یاخود ئەندامانی خێزانەکەی و پێگەیاندن لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەریەی کە خێزان هەیەتی لەسەر سیستمەکانی کۆمەڵگاو کاریگەری ئەو سیستمانەش لەسەر خێزان بەو پێیەی خێزان یەکەم ژینگەی کۆمەڵایەتیە کە لە ڕێگایەوە تاك پەروەردە دەکرێت و ڕادەهێنرێت و فێر دەکرێت کە چۆن بتوانێ هۆشیار بێت و مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا بکات و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی بزانێت لە کۆمەڵگادا، لەم بەشەدا باس لە گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کە خێزانە دەکەین و ڕۆڵی لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دا چییە؟

بارسۆنز (T.parsons) کە یەکێکە لە بیرمەندانی قوتابخانەی وەزیفی چەندین توێژینەوەی لەسەر خێزان ئەنجامداوە بەمەبەستی زانینی ڕۆڵ و وەزیفەی خێزان و پەیوەندی بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی (socialization) و چۆن خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پێکهێنان و ڕاهێنانی تاك هەر لە قۆناغی منداڵیەوە تا دەگات بە قۆناغی پێگەیشتن بەپێی بیروڕای پارسۆنز قۆناغی سەرەتایی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی (Internalizationl) واتە گونجاندنی تاکە لەناو ڕۆشنبیری و کلتوری کۆمەڵگادا هەروەك ئامانج لێی دروست بوونی کەسێتی تاکە لەناو کۆمەڵگادا (personality) بارتونز خێزانی بە کارگە شوبهاندووە و پێی وایە کارگەکان (Factories) هۆکاری بەرهەم هێنانن، خێزانیش هۆکارە بۆ بەرهەم هێنانی کەسێتی تاك (human personali ltes) و ئەم ڕۆڵە بەردەوام دەبێت و دووبارە دەبێتەوە نەوە دوای نەوە و جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی سیستمی خێزان کە هۆکارە بۆ پاراستنی مانەوەی سیستمی گشتی. (گیدنز، 2005: 258)

هەروەها زانایانی قوتابخانەی وەزیفی باسیان لەوە کردووە کە لە کاتی بوونی هەر کێشە و گرفتێ (Dystumetional) لەناو خێزاندا کە زانایان فوجل (vogel) و بیل (Bel) باسیان لێ کردووە دەڵێن هەر گۆڕانکاریەك لە وەزیفەی خێزاندا دەبێتە هۆی درووست بوونی کێشە لەلایەنی سۆزداری و دەروونی لای منداڵ و بە هۆی بوونی کێشە و گرفت و لێك ترازانی خێزان منداڵ ناتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ کۆمەڵگاو خوێندنگاو هاوڕێ و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی درووست بوونی کێشە لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی داو ئەم توێژینەوانەی ئەم دوو زانایە ئەنجامیانداوە لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکاندا بوون و ئەم ئەنجامانەیان بە دەست هێناوە. (عبدالرحمن، 1999: 259)

ڕۆڵی خێزان لە پرۆسەی پێگەیاندنی گشتی توێژینەوەی زۆری لەسەر ئەنجام دراوە کۆمەڵێك تیورەی جۆراوجۆر ڕۆڵی خێزانیان لە دروست کردنی خودی سیاسی تاك دا باس کردووە، فێرکاری سیاسی بەشی تایبەتی فێرکاری گشتییە لە پرۆسەی پێگەیاندنی گشتی دا، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تەنها خێزان ڕۆڵی هەبێت لە دروست بوونی خودی سیاسی لای تاك بەڵکو کۆمەڵێ دامەزراوەی تریش هەن کە کاریگەرییان هەیە بەتایبەت لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆجییەی ئەمڕۆ کۆمەڵگا بە گشتی و خێزان بەتایبەتی بەخۆی دەیبینێ و کاریگەری کردۆتە سەر کارو وەزیفە و ڕۆڵی خێزان، (داوسن، برویت، 1998: 155).

خێزان بەو پێیەی کە یەکەم دامەزراوەیە کە منداڵ ئاشنای دەبێت و دایك وباوك یەکەم وێنای دەسەڵاتن لای منداڵ هەر بۆیە خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پرۆسەی دروست بوونی ئاراستەی سیاسی و پێگەیاندنی سیاسی تاك کە، لە منداڵیەوە لەلایەن خێزانەوە فێر دەکرێت کە ئینتما و خۆشەویستی هەبێت بۆ نیشتمان و ڕێز لە دەسەڵات بگرێت و

sjh@univsul.edu.iq

هەروەها فێر دەبێت کە سەر بە چ ئاینێ تایفەیەکی ئاینی و چ نەتەوە و چ زمان و چ کلتورێکە هەر لێرەشەوە ڕۆڵی خۆی وەك هاووڵاتی دەزانێ و ئەرك و فەرمانەکانی فێر دەبێت و جێ بە جێ یان دەکات و ڕێز لە یاساو دەسەڵات و حکومەت و سەرکردە و سەرۆك دەگرێت، زۆربەی توێژینەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەرچەندە تاك لە خێزانێکدا گەورە بێت کە کەشێکی دیموکراتی هەبێت ئەوا ئەمە ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ فێربوونی گشت ئاراستە سیاسییەکان و هۆشیاری تاك و دروست بوونی خودی سیاسی تاك (عامر، المصری، 2013: 119)

زۆرجار خێزانەکان هێندە گرنگی و بایەخ نادەن بە بونیادنانو ئامادەکردنی تاکێکی سیاسی هێندەی گرنگی دەدەن بەوەی کە منداڵەکانیان کەسێکی لێهاتوو نموونەیی دەرچێت کە کاریگەری هەبێت لەسەر کۆمەڵگا و ڕۆڵی ئەرێنی بگێرێت، چونکە خێزان پێی وایە کە چوارچێوەی سیاسی شتێکی گرنگ و بەبایەخ نیە و هەمیشە هەوڵ دەدەن تاك ڕابهێنن بۆ ئەوەی ڕۆڵ بگێرن لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا نەوەك ڕۆڵیان هەبێ لە ژیانی سیاسی دا، بۆیە جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕاهێنانی منداڵ کە چۆن بتوانێ خۆی دروست بکات بڕوای بە خۆی هەبێت و پشت بە خۆی ببەستێ و بتوانن ئامادەبن تاوەکو خێزان دروست بکەن و ببنە دایك یاخود باوك و هەروەها فێری بنەما ئاینییەکانیان دەکەن، بەڵام سەبارەت بە بابەتە سیاسی و ئینتمای نیشتمانی دایك و باوك پێیان وایە ئەو بابەتانە کاتێکی کەمی دەوێ و پێویستی بە ماندووبوونی زۆر نیە (داوسن، برویت، 1998: 155- 156)

هەر بۆیە کاریگەری دایك و باوك لە ڕووی سیاسیەوە و فێرکردنی بابەتە سیاسیەکان لە منداڵیەوە ڕوونادات بەڵکو زیاتر لە تەمەنی گەورەیی و پێگەیشتن دا زیاتر ڕوو دەدەن.

جیمس دافیز (J. Davies) باس لە گرنگی ڕۆڵی خێزان دەکات لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دار دەڵێت خێزان گشت ئامرازە سەرەکیەکانی گۆڕانکاری دابین دەکات کە لە ڕێگایەوە منداڵ لە کەسێکی مێشك خاڵی نەزان دەگۆڕێت بۆ کەسێکی پێگەیشتوو لە لایەنی عەقڵی و کەسێتییەکی بەهێزی دەبێت هەروەها زۆربەی خاسیەتەکانی کەسێتی سیاسی تاك وەك ئارەزوو بیرکردنەوە و ئاراستە و فکری سیاسی و کرداری سیاسی لە ناو ماڵ و خێزان فێری دەبێت و تاك پێش ئەوەی بەشداری لەهەر پرۆسە و کردارێکی سیاسی بکات جادول هاوڵاتییەکی ئاسایی یاخود وەك کەسێتییەکی سیاسی گرنگ ئەوا لەلایەن خێزانەکەیەوە فێرکراوە و پێ گەیەنراوە. (j.Davies, 1995; 4)

خێزان بە دوو شێواز دەتوانێ کاریگەری هەبیت لەسەر فێرکردن و پێگەیاندنی سیاسی هەروەك ڕێشارد داوسن باسی کردووە ئەوەش.

1- بەشێوەی ڕاستەوخۆ:- ئەمەش بەو مانایەی کە هەندێ لە دایك و باوکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بیروڕاو ئاراستە سیاسیەکانیان دەگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان و بەپێیی توێژینەوەکان دەرکەوتووە هەرکاتێ بیروڕای دایك و باوك و منداڵەکانیان لە ڕووی سیاسی و یاخود بیروڕایان سەبارەت بە پارتێکی سیاسی دیاری کراو وەك یەك بوونەوە مانای وایە کە دایك و باوکەکە منداڵەکەیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ فێری ئەو جۆرە ئاراستانە کردووە و منداڵان لە دایك و باوکیانەوە ئەو بیروڕایانەیان وەرگرتوە، لە توێژینەوەیەکی جینںج (M. Jennings) و نیمی (R. Niemi) کە لە ڕێگای فۆڕمی ڕاپرسی ئەنجامیان داوە لەسەر خوێندکارانی پۆلەکانی کۆتایی خوێندن لە خوێندنگا و دایك و باوکانیان بۆیان دەرکەوتووە کە لە ڕووی بیروڕاو و ئینتمای حیزبی و سیاسی و دەنگدانیان بۆ نوێنەری حیزبێکی

دیاریکراو لە کاتێ هەڵبژاردندا زۆرلێك نزیك بوون ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەتا بیروڕای دایك و باوکە کە نزیك بێت لەگەڵ منداڵەکانی و لێك بچن ئەوا ئەوە دەگەیەنێ کە توانیوویانە بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئەو بیروباوەڕانە بگوێزنەوە بۆ منداڵەکانیان، بەڵام ئەگەر لێك چوون نەبێت لە نێوان بیروڕای دایك و باوك و منداڵەکاندا ئەوا ئەو دایك و باوکە نەیانتوانیووە ئەو بیروباوەڕانە بە باشی بگەیەنن. (داوسن، برویت، 1998: 163)

2- گەیاندنی بیروڕاکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ:-

ئەمەش بەپێی توێژینەوەکان دەرکەوتووە کە زۆربەی دایك و باوکان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگای باسکردن و گفتوگۆ کردنیان بیروڕا سیاسیەکانیان دەگەیەنن بە منداڵەکانیان بۆ نموونە دایك و باوکان منداڵان هۆشیار بکەنەوە بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی باش یان خراپ یان سەرۆکیکی باش یاخود خراپ یاخود ڕێنمایی منداڵەکانیان بکەن بەرامبەر پارتێکی سیاسی کە تا چەند ڕۆڵی ئەرێنی هەیە یاخود نییە بەو شێوەیە تاك ئاڕاستەو بیروڕا سیاسیەکانی لە دایك و باوکیانەوە وەردەگرن. جا لێرەدا (تیدین K.Tedin) باس لە گرنگی کاریگەری دایك و باوك لە گواستنەوەی ئاڕاستە سیاسیەکانیان بۆ منداڵەکانیان باس دەکات و دەڵێت، تا چەند دایك و باوك ڕوون و ئاشکرا بیروڕا سیاسیەکانیان بگەیەنن بە منداڵەکانیان ئەوا باشتر دەتوانن ئەو بیروڕایانە بگوازنەوە بەڵام کاتێ دایك یاخود باوك ناڕوونی یەك دەبێت لە بیروڕاکانیاندا ئەم خۆی لە خۆیدا هۆکارە بۆ جێگیر نەبوونی ئاراستەی سیاسی لای تاك هەروەها تا چەند باوك پشتیوانی خۆی بۆ پارتێکی سیاسی بەهێز بێت و بە شێوەیەکی ئاشکرا بێت ئەوا کاریگەری دەبێت لەسەر کوڕەکەی یاخود منداڵەکەی لەسەر ئینتمای بۆ ئەو حیزبە دیاری کراوە. (داوسن، برویت، 1998: 167)

گابریل الموند 1998 باس لە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خێزان دەکات بەو پێیەی کە یەکەم دامەزراوەی پێگەیاندن و ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی یەکە تاك ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەو ڕاهێنانەش فێرکردنی تاکە کە چۆن بتوانێ ڕێز لە دەسەڵات بگرێت و بڕیارەکانی جێبەجێ بکات و لەکاتی دەرچوون لە بڕیارەکانی دایك و باوك کە یەکەم نموونەی دەسەڵاتن لای منداڵ ئەوا دووچاری سزادان دەبێتەوە، هەروەها بەشداری پێکردن و وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و پرسکردن بە تاك لەلایەن دایك و باوکەوە بە منداڵەکانیانلە زۆر بابەت دا خۆی لە خۆیدا ڕێگا خۆشکردنە بۆ درووست بوونی کەشێکی دیموکراتی و بڕوا بەخۆبون لای منداڵ لە دروست بوونی بڕیاردا، هەروەها خێزان لێپرسراوە لە پەروەردەکرن و پێگەیاندنی تاك لەڕووی سیاسیەوە و بەپێی یاسا و دەستوور هەروەك لە مادەی (10)ی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ هاتووە لەنەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕێگا دراوە بە خێزان کە وەك یەکەیەکی سروشتی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە ڕۆشنبیرکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری (عامر، المصری، 2013: 120) هۆشیارکردنەوەی تاك سەبارەت بە بابەتەکانی تایبەت بە داهاتوو ئێستایان بڵاوکراوەیەکی گرنگ تاوەکو بتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ کۆمەڵگادا لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکاریانەی کە ڕوو دەدەن هەر بۆیە ئەم بابەتە بۆتە جێگای بایەخی دەوڵەتان کە کار بکەن لەسەر ڕۆشنبیری کردنی تاك لەڕووی سیاسیەوە ئەمەش بەشێکە لە پلانی پێگەیاندنی مرۆڤایەتی و پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسیش یەکێکە لەو پرۆسانەی کە هەڵدەستێ بەم کارەو گرنگترین کەناڵیش یاخود دامەزراوە کە ئەم کارە دەکات

بێگومان خێزانە، چونکە منداڵان لەناو خێزاندا دەکەونە ژێر کاریگەری بیروڕای سیاسی دایك و باوکیان ولاساییان دەکەنەوە جا لە پشتیوانیان بێت بۆ پارتێکی سیاسی یاخود لە هەر ڕاوبۆچونێکی سیاسی کە هەیان بێت، ڕۆڵی خێزان لە ڕووی سیاسی وە گرنگی زۆری هەیە چونکە هەر خێزانە تاکەکانی فێردەکات چۆن بتوانن بە شێوازێکی دیموکراتی مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەندامانی خێزان و دەوورووبەریان دا هەروەها هەر لە خێزانەوە فێردەبن چۆن کارلێکی کۆمەلایەتی و سیاسی بکەن لەگەڵ دەوروبەردا هەر لە خێزاندا فێردەبن چۆن بتوانن بریار بدەن و بوێربن لە بریاردانەدا لەبەر ئەوە دەتوانین گرنگی خێزان لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی لە چەند خاڵێکدا کۆ بکەنەوە کە ئەوانیش.

1- خێزان یەکەم ژینگەیە کە تاك پەیوەست دەبێت پێوەی و پەیوەندییەکی توند دەبەستێتەوە بە ئەندامانی خێزانەکەی و بۆ هەر پرس و ڕایەك دەگەرێتەوە بۆ خێزانەکەی.

2- خێزان یەکەم ژینگەیە کە تاك لە رێگایەوە گشت پێداویستی جەستەیی و دەروونی و ئابوری و عەقڵییەکانی تێدا تێر دەکات کە منداڵ بەبێ خێزان ناتوانێ ئەم پێداویستانە تێر بکات.

3- خێزان یەکەم وێنەی دەسەڵاتە کە منداڵ ڕووبەڕووی دەبێتەوە و کاریگەری دەبێت لەسەری لە داهاتوودا جا ئەگەر دەسەڵاتی خێزان دەسەڵاتێکی دیموکراتی بێت و لەسەر ڕێز و خۆشەویستی بنەما بنرێت ئەوا هەستی ئازادی و کارکردنی هەرەوەزی و پێکەوە ژیان ڕێزگرتن لە دەوروبەر فێر دەبێت بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە کە دەسەڵاتی خێزان دەسەڵاتێکی توند و تاك ڕەوی بێت پشت بە توندوتیژی ببەستێت بێگومان کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتاری تاك و کە تاك وە کەسێکی دوژمنکار و شەرانگێز دەردەچێت یاخود هەندێ جار کەسێتییەکی لاواز بەرهەم دێت کە توانای ڕووبەڕووبونەوە و بریاردانی نابێت لەبەر ترس و ڕق و کینە و گوێ نەدانە دەووروبەر. (عامر، المصری، 2013: 136) لە خێزاندا هەتا پەیوەندی نێوان دایك و باوك تەندروست بێت منداڵەکان کەسانی تەندروست دەردەچن و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی سیاسی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو جێبەجێ دەکرێت بەڵام کاتێ خێزان لێك ترازاوبێت و هیچ پەوەندییەکی تەدروست نەبێت لەلایەن دایك و باوك بێگومان ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر منداڵەکانیان و لەسەر گەیاندن و سەرکەوتنی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی بە شێوەیەکی تەندروست و ناتوانرێت ئەم پرۆسەیە وەك خۆی جیبەجێ بکرێت.

هەروەها چۆن دایك و باوك کاریگەریان هەیە لەسەر گواستنەوە و گەیاندنی بیروڕاو ئاراستە سیاسیەکانیان بەڵام هەندێ جار ئەم کاریگەریە پێچەوانە دەبێتەوە منداڵەکانیان کە لە تەمەنی گەنجی دا یاخود لە تەمەنی پێگەیەشتندان کاریگەرییان دەبێت لەسەر بیروڕای دایك وباوکانیان بۆ نموونە کاتێ خێزانێ کۆچ دەکات بۆ وولاتێکی تر وە منداڵەکانیان لە خوێندنگاو دامەزراوە پەروەردەیەکانی ئەو وولاتەدا دەخوێنن فێری کۆمەڵێك بیروڕای نوێ دەبن و دەیگوێزنەوە بۆ دایك و باوکیان و کە بیروڕایانە لەگەڵ ژیانی نوێ و پێشکەوتوودا دەگونجێ و دایك و باوکان قبوڵی دەکەن و وەری دەگرن، هەروەها هەندێ جار کاریگەری برای گەورە بەسەر خوشك و برای بچووکی هۆکار هەبێ بۆ گواستنەوەی بیروڕای سیاسی و ئاراستەی نوێ، چونکە کاریگەری دایك و باوك تا تەمەنی هەرزەکاری دەبێت زۆربەی کات لە دوای تەمەنی پێگەیشتن و گەنجی و تێکەلاو بوون پێگەیشتنی کەسێتی تاك بیروڕاکان دەگۆڕێن تاك

لەژێر کۆنترۆڵ و چوارچێوەی خێزان دێتە دەرەوە و خاوە بیروڕای تایبەت بەخۆی دەبێت. (داوسن، برویت، 1998: 177)

**ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی بریتین لە:**

**1- گۆڕانکاری لە قەبارەی خێزان:.**

دوای شۆڕشی پیشەسازی و کۆچکردنی خەڵك لەلادێکان بۆ شارەکان و قورسی باردۆخی ئابوری و نەبوونی توانای خێزانەکان لە تێرکردنی پێداویستی ئەندامەکانیان هۆکار بوون بۆ بچوك بوونەوەی قەبارەی خێزان لە خێزان (فراوان (ممتده)) بۆ خێزانی (ناوکی (نواة)) هەروەك ئاشکرایە کە خێزانی (فراوانی (ممتده)) لەسەر بنەمای شعوری جماعی بونیاد دەنرێت بۆیە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی- سیاسی ئاسانترە وەك لە خێزانی (ناوکی (نواة)) خێزانی کوردیش لەبەر ئەوەی هەر لە کۆنەوە خەریکی پیشەی کشتوکاڵی بوون و پێویستیان بەهێزی کاری زۆر هەبووە بۆیە زۆربەیان خێزانی گەورە و (فراوانی (ممتدة))

بوون و یەکگرتوو بوون لە داب و نەریت و بیروڕاکانیان و بە ئاسانی دەتوانرا ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدرێت بەڵام لە ئێستادا و لە ئەنجامی کۆچکردن بۆ شارەکان گۆڕانکاری لە قەبارەی خێزان ئەمانە بونە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك کێشەی جۆراوجۆر کە خۆی لە خۆیدا هۆکارن بۆ لاوازی گەیاندنی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی- سیاسی ئەوانیش:ز

أ- لە کاتی کۆچکردنی یەکێك لە ئەندامانی خێزانی (ناوك (نواة)) ئەو خێزانە لاواز دەبێت.

2- لە ئەنجامی چوونەدەرەوەی دایك و باوك بۆ کارکردن لە دەرەوە و نەمانی پەیوەندی پتەوی نێوان ئەندامانی خێزان ئەوە هۆکارە بۆ لاواز بوونی پەیوەندییەکانی سۆزداری و بایەخدا و چاودێری کردنی منداڵ.

ب- دروست بوونی کێبڕکێ و ململانێ لە نێوان دایك و باوك لەسەر هەژموونی دەسەڵات لە خێزاندا بەو پێیەی ژنیش وەك پیاو خاوەن ئابووری و ئازادی خۆیەتی و لە حەقی خۆی دەزانێ کە دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت ئەمەش دەبێتە هۆی خوڵقاندنی کەشێکی نائارام و نەگونجاو بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی.

ج- خێزان دووچاری دژایەتی کردن بۆتەوە لەلایەن کۆمەڵێك دامەزراوەی تر بە تایبەت لە سەردەمی بە جیهان بوون و کرانەوەدا و هەندێ دامەزراوە وەك (سۆشیال میدیا)و ڕاگەیاندن، خوێندنی ناحکومی و هاتنە ناوەوەی ڕۆشنبیری نوێ و سەپاندنی بەسەر کۆمەڵگادا هۆکارن بۆ لاوازبوونی ڕۆڵی خێزان و بچووككردنەوەی کە نەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی کە ئەمەش بووەتە هۆی لاوازی ئەندامانی خێزان و زز کەوتنە ژێر کاریگەریە دەرەکیەکان.

د- سەرهەڵدانی کۆمەڵێ کێشە و تاوانی خێزانی وەك جیابوونەوە و خیانەتی هاوسەرگیری لەلایەن ماددی و معنوی کوشتنی لەلایەن مێرد و بە پێچەوانەو کوشتنی دایك و باوك لەلایەن منداڵانەوە کە لە ئێستادا زوو زوو لە ڕاگەیاندنەکاندا ئەو هەواڵانە دەبیستن و بوونەتە دیاردەیەك. (المیمان، 2008: 121)

**3- گۆڕانکاری لە وەزیفەی خێزاندا:**

لەگەڵ گۆڕانکاری لە قەبارەی خێزاندا وەزیفەی خێزانیش دەگۆڕێت لە رووی بایەلۆجی و ئابوری و سۆزداری و کۆمەڵایەتی لە سایەی بڵاوبوونەوەی دیاردەی بە جیهانی بوون هەرچەندە تا ئێستا خێزان هۆکاری سەرەکیە بۆ منداڵ بوون بەڵام بەبیانوی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و تەقینەوەی دانیشتوان و تەقینەوەی دانیشتوان و کەمی داهات هەمیشە هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە رێژەی منداڵ بوون کەم بکرێتەوە لە رێگای بەستنی چەندین کۆنگرەو ریکلام کردن بۆ کەم بوونەوەی منداڵ و رێگا پێدان بە لە باربردنی منداڵ و دیاریکردنی رێژەی منداڵ هەروەها لە رووی ئابوری بەهۆی کارکردنی ژن و پیاو پێکەوە وەزیفەی دایک لاواز بووە و لە رووی پەروەردەکردن و فێرکردن و دامەزراوە پەروەردەیەکان وەك (دایەنگا و باخچە و خوێندنگا) شوێنی گرتۆتەوە و پرۆسەی پێگەیاندن ئەنجام دەدەن، هەروەها چوونەدەرەوەی ژن بە هەمان شێوە دەسەڵاتی پیاوان لە خێزاندا لاواز کردووە و ئێستا ژن لە زۆربەی خێزانەکان بەو پێیەی کە لێپسراوە لە دابین کردنی پێداویستی سەرەکی خێزان بۆیە دەسەڵاتی وەك پیاوە یاخود زیاتریشە لە هەندێ خێزان
.

- گۆڕانکاری لە بەهاکانی خێزاندا: خێزان هەمیشە پارێزەری شووناس و داب و نەریت و بەها ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەندامەکانیەتی بەڵام لە سایەی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگاو بە جیهانی بوون بەها خێزانیەکانیش گۆڕاون کە ئەمەش بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە ناکاو هەڵسوکەوت و رەفتاری تاکەکاندا زۆر بوونی ئایدۆلۆجیەکان و خۆسەپاندنیان بەسەر کۆمەڵگا بونە هۆی لاواز بوونی رۆڵی خێزان لە گەیاندنی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی بە شێوەیەکی گونجاو هەر بۆیە دەبینن کە تاکی کوردی ئەمڕۆ دووچاری نامۆ بوونی سیاسی بووە و تاکی کوردی دووچاری کێشەی ئینتما بوون و بیروڕای نەتەوایەتی بۆتەوە و تاکی کورد ئینتیمای بۆ شتە پیرۆزەکان کەم بۆتەوە و پێی وایە بەشداری کردنی سیاسی لە پرۆسەی سیاسیدا هیچ گۆڕانکاری دروست ناکات و شتێ نەماوە بەناوی دەوڵەتی نەتەوایەتی و جیهان بچوك بۆتەوە و لە بری ئینتما بۆ خاك و نیشتیمان چەندین شتی کرد جێگای گرتونەتەوە و تاك هێندەی گرنگی بە شتە کەمالیەکان دەدات گرنگی بە شتی سەرەکی نادات هەروەها تاك بۆتە تاکێکی خۆپەرست و هەمیشە بەدوای دابین کردنی لایەنە مادیەکان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی کاڵ بۆتەوە کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارە بۆ جێبەجێ نەگەیاندنی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی (المیمان، 2008: 129)

**7. جیاوازی لە ئاستی رۆشنبیری خوێندەواری نێوان دایك و باوك:**

ئاستی رۆشنبیری خێزان مەبەست لێی ئەو هۆشیاریەی خێزانە کە تا چەند بتوانێ درك بە دەوروبەر بکات هەروەها سنووری ئەو بەهاو نەریتانەی کە هەیە و چۆن لە پەیوەندیەکانی دا بەکاری دەهێنن لەناو سیستمی خێزاندا، لەبەر ئەوەی منداڵ لە خێزانەوە فێری گشت بنەما سەرەکییەکانی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی دەبێت و یەکەم کەسیش کە ئەو زانیاریانەی لێوە وەردەگرێت دایك و باوکە بۆیە گرنگە ئاستی رۆشنبیری و خوێندەواری دایك لە ئاستێکدا بێت کە بتوانێ بە شێوەیەکی رێك و پێك و منداڵەکانیان فێر بکەن و پیی بگەیەنن ئاستی خوێندەواری دایك و باوك ئەگەر بەرز بێت و لەیەك ئاستدا بن ئەوا دەتوانن دامەزراوەیەکی رێك و پێك و باش دروست بکەن کە ئامانج لێی بەرهەم هێنانی

sjh@univsul.edu.iq

منداڵی باش و ئاکار و بەرز و کۆمەڵایەتی دروست بکەن هەروەها دایك وباوك دڵنیا دەبن لەوە کە نەتەوەیەکی نوێ دروست دەکەن کە سوود و بایەخیان بۆ کۆمەڵگا دەبێت بەڵام کاتێ ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواریان دایك و باوك جیاواز بێت ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر منداڵەکان چونکە منداڵ لە نێوان دوو بیروڕای جیاواز و دوو بیرکردنەوەی جیاوازدا دروست دەبێت کە ناتوانێ سەرکەوتوو بێت لە دووگرتنی گشت بیروڕا ئاراستە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان کە بەمەش پرۆسەکە ناتوانێ سەرکەوتووبێت هەروەها کاتێ دایك وباوك نەخوێندەواربن ئەوا بەهەمان شێوە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر پرۆسەکە چونکە ڕەفتار و کردەوە و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی دایك و باوك بنەمایە بۆ درووست بوون و بەرهەم هێنانی کەسێتی بەهێز. (الدهان، 2014: 115)

لە کۆتاییدا هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دایك و باوك لە منداڵەکانیاندا ڕەنگ دەدەنەوە.

**8. کاریگەری باری ئابوری لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی :.**

خێزان ئەو دامەزراوەیەیە کە هەوڵ دەدات گشت پێداویستییە مادی و معنویەکانی ئەندامەکانی تێر بکات بە باشترین شێوە وەك جل و بەرگ شوێنی نیشتەجێ بوون و خۆراك و سۆز و خۆشەویستی و چاودێری کردنی هەر بۆیە هۆکاری ئابوری بنەمایە بۆ گشت پێداویستییە معنویەکان، هەر کاتێ خێزان بارودۆخی ئابوری باش بێت و گشت پیداویستییەکانی منداڵان دابین بکات ئەوا دەتوانێ لە ڕووی پەروەردە و پێگەیاندنیش سەرکەوتوبێت و بە باشترین شێوە جێبەجێ بکات، بەڵام خراپی باری ئابوری و برسێتی و بێ کاری وەك چۆن هۆکارە بۆ تێك چوونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان خێزان دایك و باوك وکاریگەریەکە دەگاتە منداڵەکانیان و هەروەها دایك و باوك ناتوانن بە باشترین شێوە منداڵەکانیان بنێرنە خوێندن و پێداویستیان دابین بکەن و هەروەها بوونی کێشەی کۆمەڵایەتیش بێگومان هۆکارە بۆ دروست بوونی دەروونێکی خراپ بۆ منداڵەکانیان و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سیاسی کارێکی زۆر قورس دەبێت کە دایك و باوك ناتوانن بە باشی بە منداڵەکانیان بگەیەنن. (الدهان، 2014: 135)

خێزان ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە دروستبوونی کەسیتی تاك، وەك یەکەم ژینگە کە هەڵەستێت بە دابینکردنی گشت پێداویستییەکانی، ڕۆڵی خێزانی کوردی هاوشیوەی ڕۆڵی خێنەکانە لە کۆمەڵەی جیهانی سێیەم، خێزان لە هەرێمی کوردستاندا خێزانی باوك سالاییەو گشت دەسەڵاتەکان لە دەستی باوك وەك یەکەم کەسی خێزان کۆدەبێتەوە و مۆکێکی خێزانی نەریتی و خێلەکییان تێدایە لە بیکردنەوە هەڵسوکەوتدا، منداڵی کوۆد، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە کاریگەر دەبێت بە بیروڕای دایك و باوکی، هەروەها بە گشتی لایەنگری ئەو پارتە سیاسیانە دەکەن کە باوکەکان لایەنگری دەکەن، بۆیە زۆرجار تاکی کورد کۆپی هزرو بیکردنەوەی خێزانەکەیەتی و لەڕووی ئارستت سیاسییەکان دەبینین هەمان ئاراستەی باوباپیرانیان هەیەو بەشیوەی سۆزداری بریار لەسەر بابەتەکان مکەن نەك بە عەقڵانی (وطفة، 2000 :28).

لەبەرئەوە ئەگەر سەرنج بدەین پاشکۆی ناوی سەرکردەو ئەندام حزب و باڵادەستەکان و ئەندامانی پەرلەمانیش ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت کە سیاسییەکان ناوی عەشیرەت یاخود خووڵەکەی دەلکێنێت بەناوی خۆیی و دەیکاتە پێناسەیەك بۆ خۆی، تا کاریگەریی لەسەر هەست و سۆزی کەسانی دەورووبەری ۆی دەنگدەران لەکاتی هەڵبژاردندا بۆخۆی ڕابکێشێت، بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئەو کەسە دەبێت ئەندانی دامەزراوەیەکی جکومی و یاسایی و دەستوری و شارستانێتی پێکەوتوو کاری دەرکردنی یاسا یاخود جێبەجێکردنی یاساو پاراستنی مافی مرۆڤ و ئازادییەکان، یاخود زۆر

لە کاندیدانی هەڵبژاردن خاوەن بروانامەی زانستی و پێگەی بەرزی خۆیانن، بەڵام لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا پەنا بۆ ناوی خێڵ و عەشیرەت دەبەن، تا لەڕێگایەوە سەرکەوتن بەدەستبهێنن، چونکە لە هەرێمی کوردستان خێزانەکان لە ئەنجامدانی پرۆسەیپ ێگەیاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا چەندین ڕۆشنبیری جیاواز پەیڕەو دەدەن.

لەو خێزانانەی کە تاك ڕۆشنبیری تقلیدی دەسەپێنن بەسەر تاکەکانیان و ئامرازی ترس و تۆقاندن بەکاردەهێنن و دەنگی (من) لە سەر دەنگی (ئێمەیە)، ئەم جۆرە ڕۆشنبیرییە تاکێکی ملکەچ دروست دەکات کە بڕوای بە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە نەبێتو بە پێچەوانەی ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان لەسەر ڕۆشنبیری کرانەوە پەروەردە دەکەن، تاکەکیان عەقڵانیتر بیردەکەنەوە و گوێ لەڕاسی نوێ دەگرن و بیروباوەڕیان بە ڕاگۆڕینەوە هەیە و ئازادانە بڕیار دەکەن (القريشي، 2022 :77).

کرانەوەی کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردستا بەهۆی دیاردەی بە جیهانبوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا، بێگومان کاریگەریی هەر بوەو لەسەر خێزانی کوردی و شاری سلێمایش، کە شاکارێکی ڕۆشنبیری و پێکهاتەو شوێنە جوگرافیەکەی هەمیشە ڕێگا خۆشکەربووە بۆ فرە ڕەنگی و دەنگی گۆڕینەوەی ڕۆشنبیر و کلتورە جیاوازەکان، بێگومان جیاوازیش لە ڕووی بیکردنەوە و هەڵسوکەوت و بڕیاردانەدا و ئەویش لە خێزان و تاکەکانی خێزانەکانیش ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها ئەم کرانەوەی جیهانەو هۆشیاری خەڵك لەسەر یەکسانی جێندەری و ڕیزگرتنی مافی ژن و منداڵ جۆرێك لە کەشێکی دیموکراتیانەی خوڵقاندووە لە پرۆسەی فێکردن و پەروەردەکردن و پێگەیاندندا.

جۆرێك لە کەشێکی دیموکراتی بۆ ژنانیش خوڵقاندووە کە بەشداربن لە پرۆسەی سیاسی و چالاکییە سیاسییەکان، وەك دەنگدان، هەروەها جێگاو پێگەیان هەبێت لە پۆست و پلەباڵاکاندا، هەرچەندە ئەم ئازادیانەش تارادەیەك ڕێژەیین (رسول، 2016: 114).

ململانێی حزبایەتی لەپێناو دەسەڵات و بەرژەوەندی تایەت شۆڕبووەتەوە بۆ نێو خێزانەکان و کۆمەڵگاو تارادەیەك بەژەیوەندی تاك لەناخی تاکی کوردیدا جێگای بەرژەوەندییە گشتییە کانی گرتووەتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی تاك لەسەر ڕیبازێ پەروەردەکراوە کە لایەنگری بۆ حزبێکی سیاسی وەك میرات لە باوانەوە بۆ ماوەتەوە کە بەژەوەندی خێزانەکەیان وا دەخوازێت و تەنانەت هەندێکجار بنەماڵەو خێڵێکی گەورە لەسەر هەمان ڕێچکەی سەرکی خێڵەکی پشتگیری لاو لایەنگی خۆیان بۆ حزبێکی سیاسی ڕادەگەیەنن، بێئەوەی هەڵسەنگاندنیان بۆ مێژوو خەبات و ئەجێندای کاری ئەو حزبە هەبێت (عبدالله، 2010: 45).

هەر ئەوەشە وایکردووە کە ململانێی حزبەکان زۆریە ئاسانی بۆ نێوخێزانەکان بگوازرێنەوە بەهۆی لایەنگری زۆرینەی خێزانە کوردەکان بۆ پارتێکی سیاسی دیاریکراو، لەکاتی ملانێی حزبەکان ململانێی سروشتی کۆمەڵایەتی شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو خێزانەکان و زۆرجاریش دەبێتە هۆی دارمان و هەڵوەشانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت خێزانیش (حسين، 2022: 214).

sjh@univsul.edu.iq

بەشێوەیەکی گشتی خێزان ڕۆڵی کاریگەریی هەیە لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی تاکەکانی و شێوازی خێڵەکی کاریگەریی هەیە لەسەر ئەم پرۆسەو پێگەیاندنە، بەهۆی پەبەندبوونی تاکەکانی بەدابونەریتی خێڵ و عەشیرەتەکەی لە گۆمەڵگەی کوردیدا، هەروەها بەهۆی کرانەوەی کۆمەڵگەو هەنگاونان بەرەو سیستمی دیموکراتی و دیاردەی بەجیهانی بوو، کە جیهان و کوردستانی گرتووەتەوە، دەتوانین بڵێین کاریگەریی ئەرێنی هەبووە لەسەر خێزان و شێوازی مامەڵەکردنیان لەپەروەردەکردنی تاکەکان.

**دەرئەنجامەکان:**

1- لە ڕوانگەی بنەما تیۆرییەکانەوە بیرمەندان و توێژەران لە بواری زانستی کۆمەڵناسیدا گەیشتنە لێتوێژینەوە لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کرداری کۆمەڵایەتییان شیکردۆتەوە و هەوڵیان داوە لێی تێبگەن.

2- لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵیان داوە شیکارێکی تیۆری سۆسیۆلۆجی بۆ ڕۆڵی خێزان لە پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی دا بکەن، بەو پێیەی خێزان یەکەم ژینگەی کۆمەڵایەتییە و گرنگترین کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤ، هەر لە قۆناغی منداڵییەوە تا قۆناغەکانی پێگەیشتن.

3- خێزان وەك دامەزراوەیەکی گرنگی پرۆسەی پێگەیاندنی سیاسی، سەرەڕای ئەو گۆڕاکارییانەی کە لە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا بوونەتەوە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەکنەلۆجی، بەڵام خێزان توانیویەتی پێگە و کاریگەری خۆی لەسەر ئەندامەکانی بە شێوەیەکی ئەرێنی هەبێت و تاك سەرەڕای کاریگەری تەکنەلۆجیا و سۆشیال میدیا و دامەزراوە پەروەردەییەکان و پارتە سیاسییەکان، بەڵام هەمیشە لە بڕیارە سیاسییەکاندا بە شێوەیەکی سۆزدارییانە بڕیار دەدات و دەگەڕێتەوە بۆ خێزان.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**سەرچاوەکان:**


1- القران الكريم

2- ابو عليان، بسام محمد، (2003)، الحياة الاسرية، مكتبة الطالب الجامعي، خان يونس، ط 1.

3- ابو مصلح، عدنان، (2006)، معجم علم الاجتماع، دار اسامة للنشر، ط 1، عمان/ الاردن.

4- انجلز، فردريك، (2013)، اصل العائلة والملكية خاصة والدولة، ت. احمد عز العرب، ط 1.

5- بحرى، منى يونس، (2000)، قطيشان نازك عبدالحليم، العنف الاسرى، دار صفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان الاردن.

6- بوتومور، توم، (1978)، تمهيد في علم الاجتماع، ت. محمد الجوهرى، علياء الشكري، دار المعارف، ط 3، القاهرة/ مصر.

7- جوهري، عبدالهادي، (1998)، موسوعة علم الاجتماع، مكتب الجامعي، مصدر الاسكندرية، ط 3، اسكندرية/ مصر.

8- الحسن، احسان محمد، (1998)، علم الاجتماع، دار وائل للنشر، ط 1، عمان/ الاردن.

9- حسين، شۆخان محمود، (2022): کاریگەریی ململانێ سیاسییەکان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کوردیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی، تێزی دکتورا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، سلێمانی.

10- حمة صالح، عزت فتاح، (2012)، ابلاخ، دراسة النثروبولوجية (اطروحة دكتورا)، مقدمة لجامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، باشراف: د.يوسف عناد زامل.

11- حمداوي، جميل، (2021)، ميادين علم الاجتماع، مؤسسة العراق للنشر والتوزيع، ط 1، بغداد/ العراق.

12- داوسن، ريتشارد، برويت، كينث، (1998)، التنشئة السياسية، ت. مصطفى عبدالله ابو قاسم، محمد زاهي محمد، منشورات جامعة قار يونس، ط 2، بنغازي/ ليبيا.

13- دنكن، ميشيل، (1981)، معجم العلم الاجتماع، ت. احسان محمد حسن، دار الطليعة، ط 2، 1981، بيروت/ لبنان.

14- الدهان، عقيلة عبدالمحسن سعيد، (2014)، اثر التنشئة الاجتماعية في البناء الدمقراطي، دار ميزوبوتاميا، ط 1، بغداد/ العراق.

15- رسول، عابد خالد، 2016، مسارات التنشئة السياسية في اقليم كوردستان – العراق، بين التابي الحزبية والتاهيل الديموقراطي، بحث منشور في مجلة التنمية البشرية، المجلة 2، العدد 3، ص 94 – 126.

16- زيتون، وضاح، (2006)، معجم السياسي، دار اسامة للنشر، ط 1، عمان/ الاردن.

17- الصبغ، عبدالرؤف، (2012)، علم الاجتماع العائلي، دار الوفاء، في تدعين ثقافة المقاومة لدى طلبة الجامعات الفلسطينية، رسالة دكتورا، جامعة قناة السويس، قسم اصول التربية.

18- طربية، مامون، (2012)، السلوك الاجتماعي بالفرد (موضوعات تطبيقية في علم النفس الاجتماعي)، دار النهضة العربية، ط 1، بيروت/ لبنان.

19- عامر طارق عبدالروف، المصري، ايهاب عيسى، (2013)، مؤسسات التربية التنشئة السياسية، مؤسسة الطيبة للنشر والتوزيع، ط 1، القاهرة/ مصر.

20- عبدالرحمن، عبدالله محمد، (1999)، علم الاجتماع، النشاة التطورية، دار المعرفة الجامعية، للنشر ط 1، لبنان بيروت.

21- عبدالله، جلال احمد، (2010): ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەڵایەت و سیاسی گەنجان، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەبارەی نموونەیەك لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیان، بەشی کۆمەڵناسی، هەولێر.

22- العزبي، زينب ابراهيم، (2013)، علم الاجتماع العائلي، جامعة بنها، بنها/ مصر.

23- العسكري، عبود عبدالله، (2004)، منهجية البحث العلمي في العلوم الانسانية، دار النمير، ط 2، ديمشق/ سوريا.

24- العمر، معن خليل، (2005)، التفكك الاجتماعي، دار الشروق للنشر والتوزيع، ط 1، عمان/ الاردن.

25- غربي، خالد، (2018)، دور الاسرى في عملية التنشئة السياسية، بحث منشور فى مجلة السراج في تربية وقضاء المجتمع العدد الثامن 8/ديسمبر، الجزائر.

26- الفار، على محمود اسلام، (1978)، معجم علم الاجتماع، دار المعارف، ط 2، القاهرة/ مصر.

27- القريشي، بهاء عبدالكريم طاهر، 2022، التنشئة الاجتماعية السياسية والمشاركة السياسية في العراق، بعد عام 2005، بحث منشور في مجلة النسق، مجلد 35، عدد9، في 30 ايلول 2022.

28- كيدنز، انطونيو، (2005)، علم الاجتماع، ت. فايز الصباغ، ط 1، بيروت/ لبنان.

29- معوض، سهير احمد سعيد، (2009)، علم الاجتماع الاسري، مركز التنمية الاسرية، جامعة ملك فيصل، ط 1، المملكة العربية السعودية.

30- الموسوي، صادق عباس، (2017)، التنشية الاجتماعية والالتزام الديني، مركز الحضارة والتنمية الفكر الاسلامي، ط 1، بيروت/ لبنان.

31- الميمان بدرية بنت صالح بن عبدالرحمن، (2008)، دور الام المسلمة في التنشئة السياسية للابناء في ضوء متغيرات العصر، اطروحة دكتورا في مجال فلسفة التربية تخصص التربية الاسلامية، اشراف دكتور صلاح الدين ابراهيم معوض، دكتور سمير بن عبدالحمد قطب، المملكة العربية السعودية.

32- الوافي، علي عبدالواحد، (1948)، الاسرة والمجتمع، دار احياء للكتب العربية، ط 2، القاهرة/ مصر.

33- Almond, G.&Gabriel,A.& Powel, G(eds)(1988) Comparative Politics today.4th ed Scot Foresman and company, United state.

34- Watson. J. and Hill, A. (1984), Dictionary of communication and Media studies, The Chaucer press, Britania.

35- James C Davis, (1995), the family's role in political socialization.

**ملخص البحث:**

التنشئة السياسية جزء مهم من التربية العامة للفرد في المجتمع، وتهدف هذه التربية إلى تدريب وتعليم الفرد ليصبح مواطناً صالحاً ومفيداً للمجتمع، وتعتبر عملية التنشئة السياسية عملية مستمرة تبدا مع بيداية ولادة الانسان ويستمر معها، وتتم هذه العملية من خلال مجموعة من المؤسسات الاجتماعية وأهمها الأسرة والمدرسة والأحزاب السياسية ووسائل الإعلام والأصدقاء والزملاء السياسيين الأفراد، حيث أن الأسرة هي البيئة الأولى التي يتعلم فيها الفرد الأشياء.

وفي هذه الدراسة نشير إلى أهمية دور الأسرة في عملية التربية السياسية، باعتبارها إحدى المؤسسات المهمة في المجتمع الكردي، والتي تقع على عاتقها مهمة تربية وتعليم كل الأفكار والمعتقدات والاتجاهات والألفة السياسية والحب. من أجل البلاد.

مفاتح البحث: العائلة، التنشئة السياسية